# مام رۆستەم بیرەوەرییەكانی لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا بۆ لڤین دەگێڕێتەوە



## "كە كەركوكمان رزگاركرد، ئەمریكییەكان نەیانهێشت نانی ئێوارە بخۆین دەریانكردین"

دیداری ئەحمەد میرە و هێمن باقر
فۆتۆ : هێمن

**● ئەوەی رۆژێك ناو پێشمەرگەی بیستبێت، (مام رۆستەم) دەناسێت، ئەو ئێستا لە تەمەنی ٦٠ ساڵی نزیكبۆتەوە، بەڵام هێزی جەستەییو ورەی تەواو گەنجانەیە. مام رۆستەم لەدوورەوە تووڕەو لەنزیكەوە تەواو ناسكو خۆشمەشرەبە. پیاوێك لە پێكەنین لەهەمانكاتیشدا پیاوێك تادوا ئاست توند لەگەڵ دوژمنەكانی. ئەو زیاتر لە ٤٠ ساڵە لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتیدا راهاتووە، هەر كە دەدوێت وشەی پێشمەرگەی لێدەبارێت. شەش جار لەكەناری مەرگ گەڕاوەتەو برینداربووە. هەموو پلەكانی پێشمەرگایەتیی بڕیوە. مامە ریشەی ئەفسانەی پێشمەرگە سەرەتا لەلای ئەو دەستی داوەتە پێشمەرگایەتی لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی رابوردوودا (مامە ریشەو مام رۆستەم) دوو ناوی ئاوێزانی یەكتر بوون. (مام رۆستەم) جگە لەژیانی پێشمەرگایەتی، دوانزە ساڵ ئەندامی پەرلەمانی كوردستان بووە. بەزمانی كوردیو عەرەبیو توركیو فارسیو كەمێك ئەڵمانیش دەدوێت، لە پرۆسەی ئازادیی عێراقدا، سەرپەرشتی بەرەی چەمچەماڵ-كەركوكی كردووە، لەلایەن ئەمریكییەكانەوە نازناوی ژەنەراڵی وەرگرتووە،ئێستاش بە پلەی وەزیر خانەنشین كراوە. لەم دیدارەدا چیرۆكی ئازادكردنی كەركوك وەك خۆی دەگێڕێتەوە.**

### خۆئامادەكردنو هێرش بۆسەر كەركوك

دوای ئەوەی ئاشكرابوو كە لەعێراق دەدرێتو هێرشەكان لە (ئوم قەسر)ەوە دەستپێكرد. ئێمەش لەگەڵ سەركردەكانی ئەمریكا ئامادەباشیمان كرد بۆ هێرشكردن. هێزی ئەمریكامان لەگەڵدا نەبوو جگە لەو ئەفسەرانەی كە پەیوەندییان بە فڕۆكەكانی ئەمریكاوە هەبوو. هێزەكەی من لە چەمچەماڵەوە هێرشیكردو هێزەكەی كاك عوسمان لەناوچەی لەیلانو هێزەكانی كاك رابەرو كاك شێردڵ لەقۆڵی هەولێرەوە هێرشیان كرد. تا گەیشتنە لای چیمەن لەوێ هێزەكانمان هەریەكەو بەرەو قۆڵی خۆی هەڵمەتی دەكرد، بۆ بەیانی فڕۆكەی ئەمریكا شاخەكانی دوومەڵان-ی بۆمبارانكردو سوپای عێراق پەرتەوازە بوو. ئێمەش چووینە ناو كەركوكەوە.

هێرش لە هەرێمی كوردستانەوە درەنگ دەستپێكرد چونكە وا رێكەوتن كرابوو تا بەغداد نەگیرێت، ئێمە هێرشنەكەین. ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، یەكەمیان بۆ ئەوەی خەڵكی زۆر زیانیان لێنەكەوێتو دووەمیان لەبەر هاتووهوشی توركیا بوو. چونكە وایاندەزانی ئێمە كەركوك داگیردەكەینو

خـەڵکی تورکمـانو عـەرەب قـەتڵو عـام دەکەین، کەچی پێچەوانەکەی دەرچوو. شینی تورکیا بۆ تورکمان نییە، بەڵکو بۆ پەکخستنی ئەم ئەزموونە دیموکراتییەیە. تەحەدا دەکەین ئێمە شتێکمان دژی تورکمان کردبێت بەڵکو هاوکاریشمان کردوون.

### جۆری هێزی بەشداربووی هێرشەکە

مام رۆستەم دەڵێت: ژمارەی ئەو هێزە نازانم کە بەشداربوو. ئاگاشم لە هێزەکەی هەولێر نییە. بەڵام تا ئەوان هاتن ئێمە گەیشتبووینە کەرکوک، هێزەکەی ئێمە پێش ئەوان لە کەرکوکدا کرابوو، ئێمە (پێنج-شەش) ئەفسەری ئەمریکیمان لەگەڵدا بوو، ئەوانیش پەیوەندییان بە (B52)ەکانەوەو هەبوو بۆ ئەوەی لەئێمە نەدەن، هەموو جارێك کە بەرەو چیمەن دەچووم پێیاندەوتم بەخوا تۆ لەم بەینەدا فڕۆکە دەتکوژێت. پێیاندەوتین کە ناتوانن لە دوو کیلۆمەتر زیاتر بڕۆن. هەتاکو ئەوان ئیعازیان پێنەدابینایە نەماندەتوانی بڕۆینە پێشەوە. ئەگەر ئەمریکا نەبوایە نەماندەتوانی بچینە کەرکوکەوە. چونکە هێزی پێشمەرگە توانای بەرەنگاری هێزی حکومەتی نەبوو. هێزەکانی ئێمە تەنسیقی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا هەبوو، بەڵام راستەوخۆ لەژێر فەرمانی هێزی پێشمەرگەدا بووین. ئەفسەرە ئەمریکییەکان لای ئێمە رەسەدی ئەمریکییەکان بوون.

لە سەرەتادا من لە پلانی رزگارکردنی کەرکوك رازیبووم بەڵام دواتر نا. چونکە ئەمریکییەکان پەلەیان لێکردین و نەیانهێشت کەرکوك جوان کۆنترۆڵ بکەین و زەبتی بکەین، ئەگەر ئێمە کۆنترۆڵی کەرکوکمان بکردایە رەنگە ئەم سەرئێشەیەی ئێستا روونەدایە. حەماسی پێشمەرگە گوێی نەدایە هیچ جۆرە رێکەوتنێکی نێوان ئەمریکاو تورکیا لەسەر کەرکوك.

### پەیوەندیی پارتی و یەکێتی و کەرکوك

مام رۆستەم لەمبارەیەوە بەکورتی وەڵام دەداتەوە: هێزەکانی یەکێتی یەکەمجار چوونە کەرکوکەوە پاشان پارتی و حسك و زەحمەتکێشان و هەموو حیزبەکانی تریش هاتن.

خۆ ئاشکراشە کە هێزی یەکێتی لە هەموویان زیاتر بوو.

### تاڵانی و پرۆسەی ئازادبوونی کەرکوك

مام رۆستەم دەڵێت: من لە سەرەتاوە وتم ئێمە بیستو چوار سەعات لە کەرکوك بووین پاشان هێزەکانی ئەمریکا هاتن و دەریانکردین و تەنانەت نەیانهێشت لە قەرەهەنجیریش بین. رەوانەی بانی مەقان و چەمچەماڵیان کردینەوە. شتێکی ئاشکرایە تۆ هێزت نەبێت ناتوانیت هیچ بکەیت، ئێمە لە کەرکوك هێزمان نەبوو، چیمان بکردایە؟ ئێمە پێشمەرگەمان بڵاوکردەوە بۆ فەرمانگە، بۆ ئەوەی هیچ روونەدات، بەڵام ئەوان هاتن، وتیان بڕۆنە دەرەوە. من ئەو گوشارە بەهی تورکیا دەزانم.

### خانەقین و کەرکوك و تەعریب

مام رۆستەم فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی کەرکوك، دەڵێت: خانەقین بچووکە، جیاوازیشی لەگەڵ کەرکوکدا زۆرە، کەرکوك شارێکی نەوتییەو چاوی ئەمریکای لەسەرە. ئێمە بۆ هاوردەکان وتمان دەچنە ئەوێ و پاش ماوەیەك ئاگادارییان دەکەین و خۆیان دەڕۆن. ئەوان نزیکەی پانزە رۆژ لە خانەقین مانەوە. بەڵام بۆ ئێمە وانەبوو، تەنانەت بارەگامان دانەناو هێزەکانمان لەکۆڵان بوون و بڕوابکەن نەیانهێشت نانی ئێوارە بخۆین و وتیان دەبێت بڕۆن، وتم ئاخر شار تاڵان دەبێت. وتیان نا ئێوە بڕۆن هەقتان نەبێت. وتمان باشە لە قەرەهەنجیر دەبین، پێیانوتین لەکوێوە هاتوون بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ.

### ساتەوەختی چوونە ناو کەرکوك

مام رۆستەم دەڵێت: لە ساتەوەختی داخلبووندا کێشە هەردەبێت، لەنێوان هێزەکانی (یەکێتی و پارتی) بەهۆی ئەوەی هێزی یەکێك نزیکەو یەکێکی تر دوورە، هێزی سەربازی عێراقی لە سەربازگەکانەوە هەتا دوا لەحزە تەقەیان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی شار شڵەژا ئیتر ئێمە چووینە سەر سەربازگاکان و ئەوان تەسلیم بوون. ئێمە لەناو کەرکوکدا هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ پارتیدا نەبوو، چونکە هەریەکەمان لە قۆڵێك بووین.

### مام رۆستەم و وەزاح خەنفەر بەڕێوەبەری ئێستای کەناڵی ئەلجەزیرە

مام رۆستەم بەمجۆرە باسی کەناڵەکانی راگەیاندن دەکات: من لە کەناڵەکانی راگەیاندنی عەرەبی نارازیبووم، چونکە ئەوان دەیانوت هێزی ئەمریکا لە چەمچەماڵ و شۆڕشە، حکومەتی عێراقی ئەو ناوچەیەی دەدایە بەرتۆپ، بۆ نمونە پەیامنێری جەزیرە وتی لەنێوان کەرکوك و چەمچەماڵدا شەڕێکی قورس هەیە. منیش بانگم کردو وتم باشە تۆ لە خۆتەوە ئەم قسانە بۆ دەکەیت؟ خۆ چەمچەماڵ ئەمریکی لێ نییە؟! هەر دوای قسەکانی ئەو چەمچەماڵ درایە بەرتۆپ. لەبەرئەوە من لێی توڕە بووم. ئەوان وەك رەسەدێك وابوون بۆ حکومەتی عێراق. ئیتر منیش دەرمکردو چوو بۆ موسڵ.یەکەمجار ناردم بەشوێنیدا. وتبووی نایەم، منیش وتم بەزۆر بیهێنن، خۆتان دەزانن خەڵك داخ لەدڵ بوون، رەنگە دوو سێ چەپۆکیان لێدابێت. مام جەلال دەربارەی لێدانی وەزاح خەنفەر لێیپرسیم: وتی راستە لێتانداوە. منیش وتم: لێمان نەداوە، بەس شتێکی وا روویداوە. ئەویش وتی (دەستتان خۆشبێت) هەروەها وتی ئەگەر لێتان نەدابوو ئەو ملیوانەی بۆچی ئاوا هاتبووە خوارەوە؟!.

### مام رۆستەم و دوورکەوتنەوە لە هێزی پێشمەرگە

مام رۆستەم دەڵێت: من هەرگیز لەهێزی پێشمەرگە دوورنەکەوتوومەتەوە، ئامادەم لەسەر بستێك خاکی کەرکوك و کوردستان خۆم بەکوشت بدەم و وەك پێشمەرگەیەکی حەفتاوشەش هەموو دەقەیەك ئامادەم. من منداڵەکانم لە ئەڵمانیا بوون. کە زانیم ئیشی ئێمە لە کەرکوك تەواوبووەو ناهێڵن.ئیتر وتم: ئەوەندەی لە سلێمانی بم دەچم سەرێك لە منداڵەکان دەدەم. نزیکەی پێنج مانگ لەوێ بووم.

### پلانی لێدانی دەزگا حکومییەکان لە کەرکوکدا

مام رۆستەم بەمجۆرە باسی ئەو پلانی لێدانە دەکات "جوڵەی ئێمە بەردەوام لەژێر چاودێریی ئەمریکییەکاندا بووە، پلانمان هەبوو



لە دەزگاکانی ئەمن‌و ئیستیخبارات‌و موخابەرات بدەین‌و فەرمانگەی باری شارستانێتی‌و ڕەگەزنامە ((نفوس))مان پاراست، من خۆم یەکێک بووم لەوانەی نفوسی پەنجاو یەکم بە تەواوەتی دا بە لیوایەک لە سلێمانی، دواتر ئەویش گێڕایەوەو ئێستا لە کەرکوکە، گرنگترین شت بەلامەوە ئەوەبوو کە خەڵک ئازار نەدرێن‌و تالانی نەکرێت. بەڵگەنامەکانی ئەمن‌و موخابەرات بپارێزین‌و لەمبارەیەوە شتی زۆر گرنگمان دەستکەوتووە کە ئێستا لای دەزگای زانیارییە".

## کەرکوک دیارییەک بوو بۆ ئەمریکییەکان

مام ڕۆستەم دەڵێت "کەرکوک دیارییەک نەبوو بۆ ئەمریکییەکان، چونکە میللەتەکەمان ئازادبووە، ڕەنگە ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەوکارەی کردبێت بەڵام ئێمەش سوودمان لێبینی. ئەگەر ئێستا یەکێتی‌و پارتی بیانەوێت، کەرکوک (٨٠٪)ی لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندایە".

## مام ڕۆستەم‌و جۆکەری‌و ئاسایش

مام ڕۆستەم دەڵێت "من بۆخۆم وەک جۆکەر وام‌و لە هەموو شتێکدا بەشداردەبم. تائێستا هیچ پلانێک نییە، ئەگەر هەبێت بەشدار دەبم، ئاسایش ڕۆڵی زۆرە، بڕبڕەی پشتی کەرکوکە، هەمووشیان پێشمەرگەن، هێزی نهێنین، خەڵک نابێت ئاسایش بناسێت، ئەگەر بیناسێت کاری بۆناکرێت. ئاسایشەکانی ئێمە سەر بە دەزگای زانیاری نین، بەڵکو سەر بە ئاسایشن".

## تەعریب‌و ترسی ڕاگەیاندن

مام ڕۆستەم لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکی پرۆسەی ئازادکردنی کەرکوک دەدوێت "ئێمە بە چەکەکانی خۆمانەوە کەرکوکمان ڕزگارکرد، ئەمریکا لەڕووی لۆجستییەوە هاوکاری نەکردین، ساڵی ١٩٩١ کەرکوکمان ڕزگارکردو ئەمریکاشمان لەگەڵدا نەبوو. عەرەبی هاوردە سەرەتا کەرکوکیان چۆڵکردو وایانزانی قەتڵوعامیان دەکەین. دەبێت ئەوە بزانین کە ئەمجارە چووینەوە کەرکوک وەک ساڵی ١٩٩١ نەبوو، هەزاران ڕۆژنامەنووسی لێبوو. ئێمە ترسمان لە ڕاگەیاندن هەبوو، ئێمە چووین ڕزگاریان بکەین. پێیانبڵێین: ئێوە خەڵکی وڵاتێکی ترن‌و فەرموون بڕۆنەوە سەر زەوی‌و ماڵی خۆتان. کەرکوک بارودۆخی جیاوازە لەچاو خانەقیندا، خانەقین هەرهیچ نەبوو، قەزایەکەو هەمووی کوردبوو. نێوانی دووزو کەرکوک ئەو ئۆردوگایانە بۆچی ڕووخاون‌و هیچیان نەماوە؟ خۆیان ڕۆیشتوون؟ ناکرێت هەموو شتێک لە ڕۆژنامەدا باسی بکەین ئەوە بۆخۆمان خراپە. عەرەبی هاوردە سەرەتا پێڵاویان ماچ دەکردو یەک عەرەب لەوێ نەمابوون‌و دەیانوت بەڵکو لە بازگەکان مۆڵەتمان بدەن بڕۆین. دوای ئەوەی بازگەکان بوونەوە بە ئەمریکی، دونیا بوو بە هەرا. خۆناکرێت بەنوێژی نیوەڕۆ دەریانبکەین".

## مام ڕۆستەم‌و بێزاربوون

مام ڕۆستەم دەڵێت "دەکرا ئێمە لە سەرەتاوە پلانی بێزارکردنی هاوردەکانمان دابنایە، بەڵام نەکرا. زۆر لەوە بێزاربووم کە دوای دوو ڕۆژ بارودۆخەکە وەک خۆی لێهاتەوەو بینیم عەرەب دێتەوە شوێنی خۆی‌و دەسەڵاتی خۆمان نییە. وتم لەجیی ئەوەی خەفەت بخۆم بابچم بۆ ئەورووپا بۆلای منداڵەکانم. ئەم بارودۆخە دەرئەنجامی بێدەسەڵاتی ئێمە نەبوو، بەڵکو بارودۆخێکە کە تۆ نەتدەتوانی هیچ بکەیت. ئەگەر دەسەڵات لەدەست مندا بوایە ئەو عەرەبانەی کە میوانن ڕاستەوخۆ دەرمدەکردن‌و دەمناردنەوە بۆ وڵاتی خۆیان‌و دەمکردنە سەیارەکانیانەوە".

## تورکیا و کەرکوک

مام ڕۆستەم دەڵێت "تورکیا لەوەتەی هەیە خراپە، هەرچەندە هێزی تورکیا نەهات، بەڵام بەرەی تورکمانی قوتکردەوەو لە ڕاگەیاندنەکانەوە قسەیاندەکرد. بەرەی تورکمانی لە هێرشەکەی سەر کەرکوک بەشدارنەبوون، ئەوانەی ناو پەرلەمانی عێراقیش هی دوای ڕووخانی ڕژێم‌و وڵاتە دراوسێکان درووستیانکردوون".

## مام ڕۆستەم دەبێتە فەرماندەی هێزی پێشمەرگە

مام ڕۆستەم دەڵێت "بەڵێ، حەزدەکەم ببمە فەرماندەیەکی سەربازی لە کەرکوک، ئەگەر بۆم بکرێت باسی هێزێکی گەورە دەکرێت کە لە پێشمەرگە پێکدێت بۆ پاراستنی ئاسایشی کەرکوک، حەزدەکەم سەرپەرشتی بکەم بۆ ئەوەی هیچ نەبێت خەڵکەکە دڵنیا بکەین، متمانەم بەخۆم هەیەو دەتوانم بیکەم. ئەمریکییەکان ئەمەیان زۆر پێخۆشە".

## ئەمریکا پەشیمانە

مام ڕۆستەم دەربارەی پەشیمانبوونەوەی ئەمریکا دەڵێت "ئەوەندەی من ئەمریکییەکانم بینیوە، زۆریان پەشیمان‌و دەڵێن: ئەگەر ڕێگەمان بە ئێوە بدایە سنووری خۆتان پاکبکردایەتەوە، ئێستا بۆ ئێمە سەرئێشە نەدەبوو، ئەگەر ئێمە شوێنی خۆمان قایمبکردایە ئەوان لەکوێوە دەهاتن؟ خۆ لە هەر شوێنێکەوە دەهاتن ئێمەش ئەو شوێنەمان بنبڕ دەکرد. ئەو شوێنەی گومانمان لێدەکرد کۆنترۆڵمان دەکرد"